# وەقایعی کوردستان

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

**ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات**

**ژمارە ( ٢٠٦ )   ساڵی شازدەیەم  ٣١/ کانوونی دووەم/٢٠١٧ زاینیی   ١١/ ڕێبەندان/ ٢٧١٦کوردی  ٣ / جمادی یەکەم/ ١٤٣٨ کۆچی**

**206**

**لەم ژمارەیەدا :**


ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ١

ڕێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ٢

ڕێنمایی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ٣

ڕێنمایی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ٢

ڕێنمایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ٥

ڕێنمایی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ٦

ڕێنمایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ٩

ڕێنمایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ١٢

ڕێنمایی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی — لا ٢٠
ڕێنمایی خێزانی جێگرەوە

بەیانی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ — لا ١٤
چەسپاندن و پەسەندکردنی حەرەمی گوندی (مەمیدان )

بەیانی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ — لا ١٤
فراوان کردن و گواستنەوەی گوندی (کانی بەردینە)

بەیانی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی ناوخۆ — لا ١٥
پەسەندکردنی و چەسپاندنی گوندی (گاینجی صلاح الدین)

بەیانی ژمارە ( ١٧ ) ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی ناوخۆ — لا ١٦
فراوان کردن و گواستنەوەی گوندی (دێ کۆنی بابەعلی)

بەیانی ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو — لا ١٧
تایبەت بە درێژکردنەوەی بڕیاری ژمارە ( ٦١١ )

بەیانی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو — لا ١٧
کارکردنەوە بە ڕێنمایی پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی ڕەژوو ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٣

بەیانی ژمارە ( ٥ ) ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن — لا ١٨

بەیانی ژمارە ( ٧ و ٨ )ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی دارایی و ئابووری — لا ١٩

بەیانی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٦ وەزارتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی — لا ١٩

بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٦ وەزارەتی داد — لا ١٩


ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎ :(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)
http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد ( ٢٠٦ ) السنة السادسة عشرة ٣١/ كانوني الثاني / ٢٠١٧ميلادي ١١/رێبەندان/ ٢٧١٦كوردي ٣/جمادي الاول/ ١٤٣٨هجرى

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

**206**

## في هذا العدد:

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية ص ٢٠
تعليمات الأسرة البديلة

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ١
تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٢
تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٣
تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٢
تعليمات رقم (٥) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٥
تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٦
تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد ص ٩
تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد ص ١٢
بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية ص ١٤
بيان رقم (٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية ص ١٤
بيان رقم (٣) لسنة ٢٠١٧ وزارة الداخلية ص ١٥
بيان رقم (١٧) لسنة ٢٠١٦ وزارة الداخلية ص ١٦
بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٧ وزارة الزراعة والمواد المائية ص ١٧
بيان رقم (٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة الزراعة والمواد المائية ص ١٧
بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٦ وزارة الاعمار والاسكان ص ١٨
بيان رقم (٧ - ٨) لسنة ٢٠١٦ وزارة المالية والاقتصاد ص ١٩
بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٦ وزارة الاوقاف والشؤون الدينية ص ١٩
بيان رقم (١) لسنة ٢٠١٦ وزارة العدل ص ١٩

No. 206 Date : January , 31 , 2017 Vol.: 16

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎: ٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

مطبعة نازة

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ١/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/٢**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧

## مۆڵەتی بێ مووچە

وەکو تێبینی کراوە هەندێك لە فەرمانبەرانی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کە پێش یان پاش ڕێنماییەکانمان ژمارە(٤و١٤و٢٣) ی ساڵی ٢٠١٦/ مۆڵەتی بێ مووچەیان وەرگرتووە وپاش کۆتایی هاتنی ماوەکە دووبارە داوای مۆڵەتی بێ مووچە دەکەن بە پێ ی ڕێنماییەکانی سەرەوە بێ ئەوەی دەستبەکاربینەوە بۆیە پێتان ڕادەگەیەنین :-

١- پێویستە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی مۆڵەتی بێ مووچەکە ، دەستبەکاربینەوە و دووبارە داوایەك پێشکەش بکات بۆ پێدانی مۆڵەتی بێ مووچە بەپێ ی ڕێنماییەکانی سەرەوە وبە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی پێویستە بگیرێتە بەر

٢- بۆئەو فەرمانبەرانەی لە دەرەوەی وولاتن و بە هۆی نەخۆشیەوە ناتوانن بگەرێنەوە ،پێویستە بە ڕاپۆرتی پزیشکی ئەو وولاتەی کە لێ نیشتەجێن پشت ڕاستبکرێتەوە و دواتر لەلایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم ڕاستاندنی بۆ بکرێت و پاش پەسەندکردنی لە لایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم دەکرێت مۆڵەتی بێ مووچەیان پێ بدرێت .

٣- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری ٢٠١٧/١/١ جێبە جێ دەکرێت.

**ڕابەر صديق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ١٢/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/٣**

## ڕینمایی دارایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧
## مافی فەرمانبەری گرێبەست

**لە پێناو بەرژەوەندی فەرمانبەرانی دامەزراو بە گرێبەست و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (٢) ی ساڵی /٢٠١٤ و لەبەر زۆری ئەو پرسیارانەی ئاڕاستەمان دەکرێت ئەم ڕوونکردنەوەتان ئاڕاستە دەکەین کە فەرمانبەری گرێبەست تەنها ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:-**

**١- وەرگرتنی مۆڵەتی ئاسایی بە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لەساڵێکدا.**
**٢- وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ماوەی (٨) ڕۆژ لە ساڵێکدا و لە حاڵەتی پێویست بە پێ ی ڕاپۆرتی پزیشکی پەسەندکراو بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ساڵێکدا.**
**٣- مۆڵەتی پێش لە دایکبوون بۆماوەی (٢١) ڕۆژ بە مووچە .**
**٤- مۆڵەتی دوای لە دایکبوون بۆ ماوەی (٥١) ڕۆژ بە مووچە .**
**٥- پاش کۆتایی هاتنی مۆڵەتی لە دایکبوون دەکرێت ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی (٢) دوومانگ مۆڵەتی نیو مووچە پێبدرێت.**
**٦- وەرگرتنی مۆڵەتی بێ مووچە بۆ ماوەی (١) یەك مانگ لە ساڵێکدا.**
**٧- دەکرێت فەرمانبەری گرێبەست شاند و سەفەری ناوەوە بکرێت لەو حاڵەتانەی کە زۆر پێویستن بە مەرجێك شایستە داراییەکانی لەسەر بنەمایی مووچەی بنەڕەتی بڕوانامەکەی خەرج بکرێت نەوەکو مووچە گرێبەستەکەی و دەبێت فەرمانی کارگێری پێدەربکرێت بۆ هەر شاند کردنێك**
**٨- پێویستە لە گرێبەستی دامەزراندنی فەرمانبەرەکە بە پێی پێویست و پەیوەندی ئەم مەرجانەی سەرەوە ڕەچاو بکرێت و بنوسرێتەوە.**
**- ئەم ڕێنماییە لە بەرواری٢٠١٧/١/١ ەوە جێ بە جێ دەکرێت .**

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ١٣٣/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/١٠**

## ڕینمایی دارایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٧
## ڕوونکردنەوە

**بۆئاگاداری بەرێزتان لە هەردوو ڕێنماییمان ژمارە (١و٢) ی ساڵی ٢٠١٧ لە کاتی ڕێنماییەکانی ساڵانی ڕابردوو، هەڵەی چاپی هەیە کە بەم شێوەی خوارەوە ڕاست دەکرێتەوە:-**

**١- ڕێنماییەکانی ئاماژەپێکراو لە ڕێنماییمان ژمارە(١) ی ساڵی /٢٠١٧ بریتی یە لە ژمارەکانی (١٤،٤) ی ساڵی /٢٠١٥ و (٢٣) ی ساڵی /٢٠١٦.**
**٢- ڕێنمایی ئاماژەپێکراو لە ڕێنماییمان ژمارە (٢) ی ساڵی /٢٠١٧ بریتی یە لە ژمارە (٢) ی ساڵی /٢٠١٥**
**٣- هەردوو ڕێنمایی ژمارە (١و٢)ی ساڵی/٢٠١٧ لە بەرواری ٢٠١٧/١/١ ەوە جێ بە جێ دەکرێت هەروەکو چۆن هاتوون .**

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ١٣/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/٣**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٧
## ڕێنمایی کرێی خوێندن

پاڵپشتن بە ماددەی (٧)ی یاسای ماف و جیاوگەکانی (امتیازات) کەس وکاری شەهید ئەنفالکراوان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ و بڕگەی ( پێنجەم ) لە ماددەی (شەشەم) لەیاسای جیاوگەکانی بەندکراو و ڕاگیراوانی سیاسی کوردستان ژمارە( ١١)ی ساڵی ٢٠١١ وئاماژە بە نووسراوەکان و فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە( ٧٩١٨) لە ٢٠١٢/٧/١٦ و ژمارە (٨٤٢٩) لە ٢٠١٥/١١/٤ و ژمارە (٥١١٨)لە ٢٠١٦/١٢/٥ تایبەت بە ڕێکخستنی چۆنیەتی خەرج کردنی کرێی خوێندن ، ئەم ڕینماییەمان دەرکرد:-

**یەکەم:** خەرج کردنی کرێ ی خوێندنی ساڵانە بۆهاوسەر و کچ و کوری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و زیندانیانی سیاسی خۆی یان یەکێك لە منداڵەکانی هەریەك لە زیندانیە سیاسیەکان لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن کە بە پارە دەخوێنن لە دامەزراوە حکومی و ئەهلیەکان لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بەمەرجێك لەلایەن هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی باوەڕپێکراو بێت

**دووەم:** بۆ ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەهەمان میکانیزمی خالی (یەکەم)ی سەرەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت .

**سێیەم:** وەرگرتن بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم دەبێت و بەدەر لەم ڕێنماییە کرێی خوێندن خەرج ناکرێت .

**چوارەم:** کرێی ساڵانەی خوێندن خەرج دەکرێت بەرێژەی (١٠٠٪) .

**پێنجەم:** ئەگەر قوتابی ساڵی خوێندنی بەسەرکەوتوویی تێ نەپەڕێنێت (راسب) بێت کرێی خوێندنی ئەم ساڵەی بۆ خەرج ناکرێت .

**شەشەم:** قوتابی ناتوانێت زیاتر لە جارێك لە زانکۆکانی ئەهلی بخوێنێت و تەنها لە حاڵەتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزتر کرێی خوێندنی بۆ خەرج دەکرێت.

**حەوتەم:** بەهیچ شێوەیەك ڕێگا نادرێت بەگۆرینی بەش یان گواستنەوەی قوتابی لە زانکۆیەکەوە بۆ زانکۆیەکی تری ئەهلی بەدەر لەو حاڵەتانەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕێگەیان پێ دەدات .

**هەشتەم:** دواخستن (تأجیل) یان مۆڵەت وەرگرتن بەبێ پاساوی یاسایی و رازیکەر ، کرێی خوێندنی بۆ خەرج ناکرێت.

**نۆیەم:** هەر قوتابییەك لەهەر قۆناغێکی خوێندن دەربکرێت (فصل) و بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە زانکۆیەکی تر وەربگیرێتەوە ئەوا کرێی خوێندنی قۆناغەکانی پێش دەرکردنی لە زانکۆ نوێیەکە بۆ خەرج ناکرێت.

**دەیەم:** جگە لە کرێی خوێندنی ساڵانە ، هیچ خەرجییەکی تر بۆ قوتابی خەرج ناکرێت.

**یازدەهەم:** حکومەتی هەرێم بەرپرس نیە لەخەرج کردنی ئەو پارەیەی کە لەلایەن هەر زانکۆیەکەوە لە قوتابی وەردەگیرێت لە بڕی تاقیکردنەوەی خولی دووەم .

**دوازدەهەم:** حکومەتی هەرێم پارەی خوێندن لەدەرەوەی وولات بۆ هیچ قوتابییەك خەرج ناکات.

**سێزدەهەم:** پێدانی دەرماڵەی نیشتەجێ بوون بە بڕی (٥٠٠٠٠) تەنها (پەنجا هەزار دینار) بەمەرجێك بەشی ناوخۆی بۆ دابین نەکرابێت ودەرماڵەی خوێندن بە بڕی (٥٠٠٠٠) تەنها ( پەنجا هەزار دینار ) مانگانە .

**چواردەهەم:** پێشکەشکردنی پسوولەی خەرجی خوێندن لە دەستپێکی ساڵی خوێندن تاماوەی (٦) شەش مانگ دەبێت و بە پێچەوانەوە خەرج ناکرێت .

**پانزەهەم:** پێشکەش کردنی پسوولەی ئەم خەرجییە پێویستە لە ڕێی بەڕێوەبەرایەتیە تایبەتمەندەکانەوە بێت.

**شانزدەهەم:** ئەم ڕێنماییە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) و بەدواوە جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ١٥٩/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/١٣**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٧
## ڕینمایی خەرجکردنی پارەی هاندان

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و پرۆسەی خوێندن و باشترکردنی بارودۆخی داراییان بریاردرا بەخەرج کردنی هاندان بۆ سەرجەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و یاریدەدەری قوتابخانەکان ومامۆستایان و توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانی میلاکی وەزارەتی پەروەردە بەم شێوەی خوارەوە:-

١- خەرج کردنی بڕی (١٥٠٠٠٠) تەنها سەدو پەنجاهەزار دینار بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و مامۆستایان و توێژەرە کۆمەڵایە تیەکانی قوتابخانەکان کە لەدەرەوەی سەنتەری پارێزگاکان و قەزاکان دەوام دەکەن

٢- خەرج کردنی بڕی (١٠٠٠٠٠) تەنهاسەد هەزار دینار بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و مامۆستایان و توێژەرە کۆمەڵایەتیەکانی قوتابخانەکان کە لەسەنتەری پارێزگاکان و قەزاکان دەوام دەکەن

٣- ئەم هاندانە تەنها بۆ توێژەکانی سەرەوە خەرج دەکرێت کە لەسەر میلاکی قوتابخانەکانن و دەوام دەکەن.

٤- ئەم هاندانە ئەو مامۆستایانە ناگرێتەوە کە تەنسیب کراون بۆ دام و دەزگاکانی تر و لەقوتابخانەکان دەوام ناکەن.

٥- ئەم هاندانە لەسەرجەم مۆڵەتەکاندا دەبڕدرێت جگە لە مۆڵەتی ئاسایی و مۆڵەتی پێش لە دایکبوون کە (٢١) رۆژە

٦- دەبێت مامۆستایان بەشە وانەی هەفتانەیان تەواو بکەن و بە پێچەوانەوە بۆ ماوەی مانگەکە بۆیان خەرج ناکرێت و ئەم بڕگەیە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/١٥ ەوە جێبەجێ دەکرێت

٧- ئەم هاندانە مانگانە بە لیستی جیا خەرج دەکرێت.

٨- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٢/١ ەوە جێبە جێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی خاڵی (٦)ی سەرەوە وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٢٠٦/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/١٦**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٧

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە(٥٤١٣) لە ٢٠١٦/٦/٥ و نووسراوی بانکی ناوەندی هەرێمی کوردستان لقی (هەولێر و سلێمانی) ژمارە( ٤٥١٧) لە ٢٠١٦/١٢/٢١ بڕیاردرا بەخەرج کردنی ئەم بڕە پارانەی خوارەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دوای دەوامی فەرمی و ڕۆژە پشووەکان دەمێنێنەوە یان بە کاری گواستنەوەی سیوولەی نەختینەیی لە نێوان بانکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیتان هەڵدەستن ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-**

**یەکەم: مانەوە لە دوای دەوامی فەرمی و ڕۆژە پشووەکان .**

**بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دوای دەوامی فەرمی یان ڕۆژە پشووەکان هەڵدەستن بە خەرج کردنی مووچەی چین و توێژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەرجێك فەرمانی کارگێری مانەوە یان خەرج کردنی گوژمەکان دەرچێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان یان بانکی ناوەندی لە حاڵەتی هەبوونی .**

| ڕوونکردنەوە | فەرمانبەر/ ڕۆژانە | ب.بانك/ ڕۆژانە |
|---|---|---|
| ١. کار کردن لە دوای دەوامی | ١٢٠٠٠دینار | ٢٠٠٠٠دینار |
| ٢. کارکردن لە ڕۆژانی پشوو | ٢٠٠٠٠دینار | ٣٥٠٠٠دینار |

**دووەم: لە کاتی گواستنەوەی پارەی نەختینە لە ناو سەنتەری پارێزگا ئەم بڕە پارانەی خوارەوە خەرج بکرێت بۆ هەر فەرمانبەرێك کە لەم پرۆسەیە بەشدارە .**

**أ- ئەم فەرمانبەرەی کە ڕادەسپێردرێت بۆ هێنانی پارەی نەختینە لەگەڵ شوفێر و ئەو پاسەوانانەی کە یاوەریانن لە گواستنەوە .**

| ڕوونکردنەوە | ڕۆژانە |
|---|---|
| ١. خەزنەدار | ٢٠٠٠٠ دینار |
| ٢. شوفێر | ١٠٠٠٠دینار |
| ٣. پۆلیس | ١٠٠٠٠دینار |

**ب- ئەو فەرمانبەرانەی کە پەیوەستن بە وەرگرتنی پارەی نەختینە کە پێکهاتوون لە سەرپەرشتیاری پرۆسەکە (بەڕێوەبەری گشتی) و بەڕێوەبەری خەزنە یان هەرکەسێکی تر و هەڵگری کلیل .**

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| ١. بەڕێوەبەری گشتی | ٢٥٠٠٠دینار |
| ٢. بەڕێوەبەری خەزنە و یان کەسێکی تر | ٢٠٠٠٠دینار |
| ٣. هەڵگری کلیل | ٢٠٠٠٠دینار |

**ج-** خەرج کردنی بڕی (١٠٠٠) یەك هەزار دینار بۆ هەر فەردەیەك بۆ ئەو کرێکارانەی کە هەڵدەستن بە هێنانە خوارەوە و بارکردنی پارەی نەختینە .

**سێیەم:** لە کاتی گواستنەوەی پارەی نەختینە (تمویل) لە بانکی ناوەندی بۆ بانکەکان ئەم بڕە پارانە خوارەوە خەرج دەکرێت بۆ ئەو فەرمانبەران کە لە پرۆسەکە بەشدارن .

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| ١. بەڕێوەبەری گشتی | ٣٥٠٠٠ دینار |
| ٢. بەڕێوەبەری خەزنە یان هەر کەسێکی تر | ٣٠٠٠٠ دینار |
| ٣. هەڵگری کلیل | ٣٠٠٠٠ دینار |
| ٤. ژمێریار | ٢٠٠٠٠ دینار |
| ٥. فەرمانبەری ژمێریاری | ١٥٠٠٠ دینار |
| ٦. فەرمانبەری جاری | ١٥٠٠٠دینار |

**چوارەم:** گواستنەوەی پارەی نەختینە لە نێوان پارێزگاکان و قەزا و ناحیەکان :-

أ- گواستنەوە لە هەولێر بۆ سلێمانی و یان دهۆك و بە پێچەوانەوە :-

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| ١ . بەڕێوەبەری گشتی | ٤٠٠٠٠دینار |
| ٢ . خەزنە دار | ٣٥٠٠٠دینار |
| ٣ . شوفێر | ٣٠٠٠٠دینار |
| ٤ . پۆلیس | ٢٥٠٠٠دینار |

ب- گواستنەوە لە هەولێر و سلێمانی بۆ قەزا و ناحیەکان :

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| ١ . بەڕێوەبەری گشتی | ٣٠٠٠٠دینار |
| ٢ . خەزنە دار | ٢٥٠٠٠دینار |
| ٣ . شوفێر | ٢٠٠٠٠دینار |
| ٤ . پۆلیس | ١٥٠٠٠دینار |

ج-هێزی ئامادە لە کاتی گواستنەوەی سیوولەی نەختینەیی :

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| ١. ئەفسەر | ٢٥٠٠٠دینار |
| ٢.پۆلیس | ١٥٠٠٠دینار |

**پێنجەم**: بەرزترین ڕادەی خەرج کردنی بڕەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە مانگانە نابێت زیاتر بێت لە :-

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| ١ . بەڕێوەبەری گشتی | ٥٠٠٠٠٠دینار |
| ٢ . بەڕێوەبەری خەزنە یان هەر کەسێکی تر هەڵگری کلیل و دەستەی پشکنین و چاودێری | ٤٠٠٠٠٠دینار |
| ٣ . ژمێریاروفەرمانبەری ژمێریاری وفەرمانبەری جاری وخەزنەدارو ئەفسەری هێزی ئامادە | ٣٠٠٠٠٠دینار |
| ٤ . شوفێر و پۆلیس و کرێکار | ٢٥٠٠٠٠دینار |

**شەشەم**: کرێی پشکنین بۆ دەستەی پشکنین و چاودێری لە بانکی ناوەندی لە کاتی دەرچوونیان بەم شێوەی خوارەوە خەرج دەکرێت :-

١- لە کاتی دەرچوون لە سەنتەری شار ڕۆژانە بڕی(٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار خەرج دەکرێت .

٢- لە کاتی دەرچوون بۆ دەرەوەی شار شاند و سەفەری ناوەوە خەرج دەکرێت .

**حەوتەم**: هەر کاتێك دوو ناونیشان لە یەك فەرمانبەردا کۆبوویەوە , یەکێك لە بڕەکانی سەرەوەیان بۆ خەرج دەکرێت .

**هەشتەم**: لە حاڵەتێکدا بەپێی پێویست ئەگەر پۆلینەکانی سەرەوە لە یەك کەس زیاتر بێت بۆ هەر یەکیکیان بە جیا بڕی پارەکانی سەرەوە خەرج دەکرێت .

**نۆیەم**: بۆ ئەو ڕۆژانەی کە بەڕێوەبەری بانك ئامادە نیە ئەم بڕ پارانەی سەرەوە بۆ ئەو فەرمانبەرە خەرج دەکرێت کە ئەم کارە ئەنجام دەدات بە مەرجێك فەرمانی هەبێت بەهەڵسانی بەم کارە .

**دەیەم**: جگە لەم بڕانەی سەرەوە هیچ بڕە پارەیەکی تر بە ناوی (شاند و سەفەر/ هاوکاری/پاداشت و .... هتد ) بۆ ئەم فەرمانبەرانە خەرج ناکرێت لە بڕی هەڵسانیان بەم کارە .

**یانزەهەم**: کار بە هیچ ڕێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت .

**دوانزەهەم**: ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت وە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕابەر صديق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ٢٠٧/٤/٩ لە ٢٠١٧/١/١٦**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٧

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە و ئاماژە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە(٥٤١٣) لە ٢٠١٦/٦/٥ و نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان ژمارە(٣٦٣) لە ٢٠١٦/٦/٢ بریارماندا بەخەرج کردنی ئەم بڕە پارانەی خوارەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دوای دەوامی فەرمی و رۆژە پشووەکان دەمێنێنەوە یان بە کاری گواستنەوەی سیوولەی نەختینەیی لە نێوان بانکەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیتان هەڵدەستن :-**

**یەکەم: مانەوە لە دوای دەوامی فەرمی و رۆژە پشووەکان .**

**بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە لە دوای دەوامی فەرمی یان رۆژە پشووەکان هەڵدەستن بە خەرج کردنی مووچەی چین و توێژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە مەرجێك فەرمانی کارگێری مانەوە یان خەرج کردنی گوژمەکان دەرچێت لە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان یان بانکی ناوەندی لە حاڵەتی هەبوونی .**

| روونکردنەوە | فەرمانبەر/ رۆژانە | ب.بانك/رۆژانە |
|---|---|---|
| أ.کار کردن لە دوای دەوامی فەرمی | ١٢٠٠٠دینار | ٢٠٠٠٠دینار |
| ب.کارکردن لە رۆژانی پشوو | ٢٠٠٠٠دینار | ٣٥٠٠٠دینار |

**دووەم: لە کاتی گواستنەوەی پارە لە نێوان بانکەکان (رۆژانە و لەکاتی دەوامی فەرمی + رۆژانە و دوای دەوامی فەرمی + رۆژانی پشوو )**

**١- بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە هەڵدەستن بە گواستنەوەی پارە لە نێوان بانکەکان و ئەم خەرجییانە لەلایەن ئەو بانکەوە خەرج دەکرێت کە سیوولەی نەختینەیی بۆ ڕەوانە دەکرێت بەم بڕانەی خوارەوە واتە( بۆ فەرمانبەری ئەو بانکانەی کە سیوولەی نەختینەیی ) بۆ دەچێت .**

| روونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| أ- بەڕێوەبەری بانك | ٢٥٠٠٠دینار |
| ب- هەڵگری کلیل | ٢٠٠٠٠دینار |
| ج- ژمێریار | ١٥٠٠٠ دینار |
| د- خەزنەدار | ٢٠٠٠٠ دینار |

هـ- شوفێر ١٠٠٠٠ دینار

و- پۆلیس ١٠٠٠٠دینار

ز- کرێکار ١٠٠٠٠دینار

٢- فەرمانبەری تایبەتمەندی ئەو بانکانەی کە سیولەی نەختینەیی ڕەوانە دەکات ئەم بڕانەی خوارەوەی بۆ خەرج دەکرێت واتە ( بۆ فەرمانبەرانی ئەو بانکەی کە سیوولەی نەختینەیی ) ڕەوانە دەکات .

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە / دینار |
|---|---|
| أ- بەڕێوەبەری بانك | ١٢٥٠٠ |
| ب- هەڵگری کلیل | ١٠٠٠٠ |
| ج- ژمێریاری | ٧٥٠٠ |

**سێیەم:** لە کاتی گواستنەوەی سیوولەی نەختینەیی لە ناو سەنتەری پارێزگاکان ڕێژەی (٥٠%) ی بڕەکانی بڕگەی(١و٢)خالی دووەمی سەرەوە خەرج دەکرێت .

**چوارەم:** لە حاڵەتی گواستنەوەی پارەی نەختینە لە پارێزگاکان بۆ قەزا و ناحیەکان و بەپێچەوانەوە :-

| ڕوونکردنەوە | بڕی پارە |
|---|---|
| أ- سەرپەرشتیاری پرۆسەکە | ٢٥٠٠٠دینار |
| ب- خەزنەدار | ٢٠٠٠٠دینار |
| ج- شوفێر | ١٥٠٠٠دینار |
| د- پۆلیس | ١٥٠٠٠دینار |

**پێنجەم:** بەرزترین ڕادەی خەرج کردنی بڕەکانی ئاماژە پێکراوی سەرەوە مانگانە نابێت زیاتر بێت بۆ :-

| ناونیشان | بڕی پارە |
|---|---|
| أ- بەڕێوەبەر | ٣٥٠٠٠٠دینار |
| ب- هەڵگری کلیل و ژمێریار وخەزنەدار وئەفسەری هێزی ئامادە | ٢٥٠٠٠٠ دینار |
| ج- شوفێر و پۆلیس و کرێکار | ١٧٥٠٠٠دینار |

**شەشەم:** هەرکاتێك دوو ناونیشان لە یەك فەرمانبەردا کۆبوویەوە یەکێك لە بڕەکانی سەرەوەیان بۆ خەرج دەکرێت .

**حەفتەم:** لە حاڵەتێکدا بەپێی پێویست ئەگەر پۆلینەکانی سەرەوە لە یەك کەس زیاتر بێت بۆ هەر یەکێکیان بەجیا بڕی پارەکانی سەرەوە خەرج دەکرێت .

**هەشتەم:** بۆ ئەو رۆژانەی کە بەڕێوەبەری بانك ئامادە نیە ئەم بڕە پارانەی سەرەوە بۆ ئەو فەرمانبەرە خەرج دەکرێت کە ئەم کارە ئەنجام دەدات بە مەرجێك فەرمانی هەبێت بە هەڵسانی بەم کارە .

**نۆیەم:** جگە لەم بڕانەی سەرەوە هیچ بڕە پارەیەکی تر بە ناوی (شاند و سەفەر – هاوکاری – پاداشت و ... هتد) بۆ ئەم فەرمانبەرانە خەرج ناکرێت لە بڕی هەڵسانیان بەم کارە .

**دەیەم:** کار بە هیچ رێنمایی و نووسراوێکی تر ناکرێت .

**یانزەهەم:** ئەم رێنماییە لە بەرواری دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە : ١٥٨٦٩ لە ٢٠١٦/١٢/٢٢**

## ڕینمایی دارایی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٦

## ڕێنمایی تایبەت بەنوسینگە گومرگیەکان

تایبەت بە نوسینگە گومرگیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدرال بەمەبەستی برەودان بە بواری بازرگانی و ڕێکخستنی کاری گومرگی و هەڵس و کەوتی گومرگی لە نوسینگە گومرگیەکانی نێوان هەرێم و عیراقی فیدرال بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

١- بازگەکان بە ناوی (نوسینگەی گومرگی) دەبێت.

٢- کارکردن بە قەپانیکی کێش کردن بەمەبەستی کێشان بۆ ئەو بارانەی کە پێویستیان بە کیشان هەیە لەنوسینگە گومرگیەکان.

٣- لێپرسراو و جێگرو فەرمانبەر بۆ نوسینگە گومرگیەکان بەپێی پێویستی نوسینگەکە دابین دەکرێت.

٤- پێویستە پۆلیسی گومرگ لەو نوسینگانە هەبێت کە کاریان پاراستنی نوسینگەو فەرمانبەرانی گومرگ دەبێت.

٥- سەبارەت بە ئالیەتی کارکردن وە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو کەل وپەل و کاڵایانەی کە لە دەروازەکانی عیراقەوە هاتوون و لەو نوسینگانەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت:

أ- ئەو بارانەی کە لە دەروازە گومرگیەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق کاری گومرگیان بۆ ئەنجام دراوە و بەنیازن لەو نوسینگانەوە بێنە ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان ئەگەر پێویستیان بە(پشکنینی تەندروستی،کشتوکاڵی، ڤێتێرنەری،کوالێتی کۆنترۆلی جۆری یان،...) هەموو پشکنینێکیان بۆ ئەنجام بدرێت،دوای دروستی کاڵاکان کەشف بکرێتەوە ئەگەر جیاوازی لە ڕەسمی گومرگی دا نەبوو واتا (مطابق) بوو تەنها بەهای فۆرم و پولی دارایی و خزمەتگوزاریەکانی پشکنین و کرێی پشکنینیان لێ وەربگیرێت .

ب- ئەگەر کەم و کورتی و جیاوازی لە ڕەسمی گومرگی هەبێت پێویستە تەواوکەریان بۆ بکرێت بەپێی دوایین پێناسەو ڕێنماییەکانی گومرگی هەرێمی کوردستان.

ج- ئەو بابەت و کاڵایانەی کە لە پشکنین دەرناچن بە ئاگاداری بەڕێوەبەری گومرگ و لە ڕێگای لیژنەیەکەوە لەناو دەبردرێن .

د- هەر هەڵسوکەوتێکی گومرگی لە دەسەڵاتی نوسینگەکان نەبوو پێویستە بارەکە بەنوێنەرێك ڕەوانەی بەڕێوەبەرایەتیە گومرگیەکە بکرێت .

٦- ئەو کەل و پەلانەی کەی پێویستیان بە پشکنینە و لەکۆگا دادەنرێن تا ئەنجامی پشکنینەکەی دەردەچێت پێویستە لە ژێر چاودێری گومرگدا بێت دواتر مامەڵەی گومرگی بۆ ئەنجام بدرێت.

٧- ئەو بارانەی کە پێویستە بکرێت بە رەسید دەبێت رەسیدیان بۆ رابگرێت لە لایەن فەرمانبەرانی ئەو نووسینگانە بە ئاگاداری لێپرسراوی نوسینگە.

٨- کار بەو رێنماییە گومرگیانە بکرێت کەلە هەرێمی کوردستان دەرکراون و تایبەتن بە کاڵاو کەل و پەلە بەخشراوەکان و قەدەغەکراوەکان.

٩- هەموو کەل و پەلێکی قەدەغەکراو کە دێنە ئەو نوسینگانە پێویستە راپۆرتی دەست بەسەرداگرتنی بۆ ئامادە بکرێت و بە نوێنەرێکی گومرگی رەوانەی بەرێوەبەرایەتیەکان بکرێت.

١٠- لەکاتی وەرگرتنەوەی جیاوازیەکان لە رەسمی گومرگی بۆ کاڵاو کەل و پەلەکان پێویستە پسولەی گومرگی وەرگرتنەوەی جیاوازیەکان لەگەڵ سەرەتاکانی تری عیراقی هاوپێچ بکرێت و لەکاتی چوونە دەرەوەدا وەك سەرەتا هەژمار بکرێت.

١١- سەبارەت بەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە تەنها لە نێوان شارەکانی هەرێمەوە دەگوازرێنەوە هیچ هەڵسوکەوتێکی گومرگی بۆ ناکرێت.

١٢- ئەو کاڵاو کەل و پەلانەی کە لە شارێکی هەرێمەوە بە ناو شارێکی دەرەوەی هەرێم تێدەپەرێت و ئەچێتە شارێکی تری هەرێم پێویستە لەسەر خاوەنی کاڵا و کەل و پەلەکان لە نزیکتری خاڵی گومرگی یان بەرێوبەرایەتی گومرگی ئەو شارەی کە بارەکەی لێ باردەکرێت پسولەی گومرگی یان پسولەی ئەو شوێنەی لێی کرِیوە لەو لایەنە گومرگیانە مۆری لێ بدات و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێت.

تێبینی/

١-ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

٢-ئەم رێنماییە لە بەرواری کردنەوە و دەست بەکاربوونی نوسینگە گومرگیەکان کاری پێ بکرێت .

رابەر صدیق محمد
بریکاری وەزارەت بەوەکالەت

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە : ٦٧٦ لە ٢٠١٧/١/١٠**

**بەیانی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٧**
**چەسپاندن و پەسەندكردنی حەرەمی گوندی مەمیدان**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠٠٩ وە ئاماژە بە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٣٥٠) لە ٢٠١٦/١٢/٢٢ ، بریارماندا بە:-**

- **چەسپاندن و پەسەندكردنی حەرەمی گوندی (مەمیدان) سەر بە ناحیەی شێروان مەزن بەرووبەری(٦,٩,٥) دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (١) لە كەرتی /١٢ سەپێندارە وەك لە نەخشەی هاوپێچی نوسراوی سەرەوەی پارێزگای هەولێر هاتوو و بەپێ ی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت .**
- **ئەم بەیانە كاری پێدەكرێت لە رۆژی بلاّو بوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان).**

**كریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە : ٦٩٨ لە ٢٠١٧/١/١١**

**بەیانی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠١٧**
**فراوان كردن و گواستنەوەی گوندی كانی بەردینە**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٣٥٠) لە ٢٠١٦/١٢/٢٢ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:-**

- **بەفراوان كردنی حەرەمی گوندی(كانی بەردینە) و بەرووبەری زەوی ژمارە (١/١٣٦ كەرتی ٣٨/بەردینە) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ و بەپێی یاسا كاری كوژانەوە و دەست هەڵگرتن بكرێت .**
- **ئەم بەیانە كاری پێدەكرێت لە رۆژی بلاّوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان).**

**كریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە : ١٦٠٩ لە ٢٠١٧/١/٢٤**

## بەیانی ژمارە ( ٣ ) ساڵی ٢٠١٧

## پەسەندکردنی و چەسپاندنی گوندی ( گاینجی صلاح الدین )

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنمایی فراوان کردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و ئاماژە بەنوسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (٣٢٧) لە ٢٠١٧/١/١٠) لە بەرهەبوونی گشت مەرجەکانی ڕێنمایی سەرەوە و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە :-

- پەسەندکردنی حەرەمی گوندی ( **گاینجی صلاح الدین** ) سەر بە ناحیەی کەورگۆسك / قەزای خەبات لە پارێزگای هەولێر و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بە ڕووبەری (٣٧) دۆنم بە شێوەی (١٨) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٥) لە کەرتی ٦٨/کورگۆسك و (١٩) دۆنم لە سەر پارچە زەوی ژمارە (٥) لە کەرتی ٦٩/شیوەرەش کە زەویەکی بەردەڵانیە وەك نەخشەی هاوپێچی نوسراوی سەرەوەی پارێزگای هەولێر هاتوو وبەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .
- ئەم بەیانە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ١٩٥٤٧ لە ٢٠١٧/١١/٣٠**

**بەیانی ژمارە ( ١٧ ) ساڵی ٢٠١٦**

**فراوان کردن و گواستنەوەی گوندی دێ کۆنی بابەعلی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ڕێنمایی فراوانکردن و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ وە هەردوو نوسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (١١٨٤٠) لە ٢٠١٦/١١/٦ وە (١١١٥٠) لە ٢٠١٦/١٠/١٠وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندابە:-**

- **فراوان کردن و گواستنەوە و پەسەندکردنی حەرەمی نوێی گوندی ( دێ کۆنی بابەعلی ) سەر بە ناحیەی بەکرەجۆ و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بە ڕووبەری (١٩،٧،٥٠) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە ( ١/٨) کە زەویەکی بەردەڵانیە و سیفەتی کشتوکاڵی لە دەست داوە و ڕووبەری (١١،١٧،٥٠) دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٩/٤) لە کەرتی ٢٦/ هەزار مێرد وەك لە نەخشەی هاوپێچی نوسراوی سەرەوەی پارێزگای سلێمانی هاتوو بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .**
- **ئەم بەیانە کاری پێدەکرێت لە ڕۆژی بڵاو بوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان).**

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی پێنجەم بڕگەی دووەم یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠١٠ بریارماندا بە :-

- درێژکردنەوەی بڕیاری ژمارە ( ٦١١ ) بەڕاست کردنەوەی هەڵەکانی تسویە بۆماوەی ( ١ ) یەك ساڵ .
- لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان .

**عبدالستار مجید**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ ، لەبەر بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی دارستانەکان بڕیارماندا بە هەمووارکردنەوەی ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٣ بەم شێوەیەی خوارەوە :

١- کارکردنەوە بە ڕێنمایی ئاماژە پێکراو کە بە بەیانی ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠١٥ ڕاگیرابوو بۆ ماوەی یەك ساڵ

٢- ڕێگە دەدرێت بەو کارگانەی ڕەژوو دروست کردن کە مۆڵەتی وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانیان هەیە . ڕەژوو دروست بکەن بەمەرجێك تەنها ئەو دارانە بەکاربهێنن کە لە ماددەی ( ٣ )ی ڕێنمایی ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠١٣ ئاماژەیان پێدراوە لەژێر سەرپەرشتی و چاودێری بەردەوامی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوانی پارێزگاکان کاربکەن .

٣- ڕێگە دەدرێت بەو خاوەن باخانەی درەختی باخەکانیان ببڕنەوە بەهۆی یەکێك لەم هۆکارانەی کە لە خاڵی ( ٧ )ی هەمان (ماددەی ٣ )ی ڕێنمایی ژمارە( ٩)ی ساڵی ٢٠١٣ دا هاتووە , وە بیکەن بە ڕەژوو لەژێر سەرپەرشتی لیژنەیەکی دیاری کراو تایبەت لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان وە باخداری لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان وە تەنها لە مانگەکانی (١٠ و ١١ )ی هەر ساڵێك ئەم کارە ئەنجام بدرێت لەگەڵ دیاریکردنی شوێنی ڕەژوو کردنەکە وە بڕی ڕەژووی بەرهەم هێنراو وە سەرچاوەی فرۆشتن.

٤- کار بەهیچ یاساو ڕێنمای یەکی تر ناکرێت پێچەوانەی ئەم ڕێنمایی یە بێت .

٥- لە ڕۆژی دەرچوون لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) کاری پێ دەکرێت .

**عبدالستار مجید**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**
**ژمارە : ٣٧٦٠ لە ٢٠١٦/١٢/١٣**

## بەیانی ژمارە ( ٥ ) ساڵی ٢٠١٦

ئاماژە بە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان / فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی / بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری ژمارە (٤٢٩٢ لە ٢٠١٦/١٠/١٦ ) سەبارەت بە زیاد کردنی کرێی کێشانی ئۆتومبێلە بارهەڵگرەکان لە (١٠٠٠) تەنها یەك هەزار دینار بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار .

بڕیارماندا بەدەرکردنی ئەم بەیانەی خوارەوە :-

**یەکەم :**

زیادکردنی کرێی کێشانی ئۆتومبیلە بارهەڵگرەکان لە (١٠٠٠) تەنها یەك هەزار دینار بۆ (٣٠٠٠) سێ هەزار دینار.

**دووەم :**

جێ بەجێ کردنی دەقی هاتوو لە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە ژمارە ٤٢٩٢ لە ٢٠١٦/١٠/١ لە بەرواری ٢٠١٧/١/١ یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی نوێ .

**سێیەم :**

ئاگادارکردنەوەی هەموو لایەنە پەیوەندارەکان بەمەبەستی هاوکاری و هەماهەنگی کردن لە جێبەجێکردنی دەقی هاتوو لە هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەم .

**چوارەم :**

سەرپێچی کاران لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بە پێی بڕگە و ماددەکانی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە ڕێگا گشتییەکانی هەرێم سزا دەدرێن .

**پێنجەم :**

ئەم بەیانە دوای بلاۆکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان) لە ڕۆژی ٢٠١٧/١/١ کاری پێدەکرێت و دەکەوێتە بواری جێبە جێکردن .

**دەرباز عبدالله ڕەسول**
**وەزیری ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی ١٧/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٠ وە ، بریارماندا بە : -

-کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و ووردبینی و پشکنین لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان وخانووبەرەی میری

**بەیانی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی ١٧/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٠ وە ، بریارماندا بە : -

- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی لێبڕینی ڕاستەوخۆ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری .

**ڕابەر صدیق محمد**

**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

---

**وەزارتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**بەیانی ژمارە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٦**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لەماددەی شەشەم بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :-

کردنەوەی ( بەڕێوەبەرایەتی کاروباری حەج و عمرەی پارێزگای هەڵەبجە) لەسنوری پارێزگای هەڵەبجە و زیادکردنی بۆ پێکهاتەی وەزارەتەکەمان .

**د پشتیوان صادق عبدالله**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەوەکالەت**

---

**وەزارەتی داد**

**بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- ئاماژە بەنوسراوی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی ژمارە (٥/٥٧٦ لە ٢٠١٦/٩/٢٢) وە پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم برگەی دووەم لە یاسای وەزراەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

- کردنەوەی فەرمانگەی (داواکاری گشتی هەڵەبجە) لە پارێزگای هەڵەبجە.

**سنان چلبی**

**وەزیری داد**

**وزارة العمل والشؤون الاجتماعية**

**رقم : ٢٤٦ في ٢٠١٧/١/٢٢**

**استناداً لأحكام الفقرة (٢) من المادة (١٠٥) وبالإشارة الى المادة (٣٧) من قانون الرعاية الاجتماعية (١٢٦) لسنة ١٩٨٠ المعدل قررنا إصدار التعليمات الاتية:**

**رقم (١) لسنة ٢٠١٧**

**تعليمات الأسرة البديلة**

**المادة الأولى: التعاريف**

يقصد بالعبارات والمصطلحات الآتية لأغراض هذه التعليمات المعاني المبينة ازاءها:-

**أولاً:** الأقليم :إقليم كوردستان – العراق.

**ثانياً:** الوزارة : وزارة العمل و الشؤون الإجتماعية في الإقليم.

**ثالثاً:** المديرية العامة : المديرية العامة للرعاية والتنمية الإجتماعية في محافظات وإدارات الإقليم.

**رابعاً:** المديرية : مديرية الرعاية الاجتماعية في محافظات وإدارات الإقليم.

**خامسا:** الأسرة البديلة : هي الأسرة التي لا ينتمي اليها الطفل بايلوجيا، ولكنه يعهد اليها ليعيش في كنفها لحمايته وتأمين الرعاية البديلة له , ( وتتكون من الزوج والزوجة أو الزوجة أو المرأة لوحدها سواء كانت مطلقة أو أرملة أو من في حكمهن) .

**سادساً:** الطفل: كل شخص طبيعي لم يكمل الثامنة عشرة من عمره.

**سابعاً:** الرعاية البديلة: تأمين المتطلبات والحاجات الضرورية لتربية الطفل ونمائه في أسرة بديلة و تعويضه بالعطف والحنان الذي فقده في أسرته البايلوجية ولمدة محددة.

**ثامناً:** إتفاق الرعاية البديلة : هو الإتفاق الموقع بين مقدمي الطلب و المديرية/ شعبة الرعاية البديلة.

**تاسعاً:** عقد إيداع الطفل: الإتفاق المبرم بين المديرية والأسرة البديلة حول إيداع الطفل لديها.

**المادة الثانية:**

تهدف الرعاية البديلة الي توفير انواع الرعاية المختلفة للأطفال المشمولين بالرعاية الأسرية وتربيتهم تربية سليمة وتعويضهم عما فقدوه من عطف وحنان من خلال تهيئة البيئة المنزلية البديلة لهم.

**المادة الثالثة:** أنواع الرعاية البديلة حسب المدة :

تنقسم مدة الرعاية (بقاء الطفل في الأسرة البديلة) الى :

**أولاً:** الإيداع الطارئ : ويمتد كحد أقصى الى ٦ أشهر.

**ثانياً:** الإيداع لمدة قصيرة : أكثر من ٦ أشهر الى ٣ سنوات.

**ثالثاً:** الإيداع لمدة طويلة : أكثر من ٣ سنوات ولحين إكمال الطفل الثامنة عشرة من عمره.

**رابعاً:** يجوز للأسرة البديلة الإستمرار بكفالة الطفل ورعايته لحين إكماله الدراسة الجامعية الأولية بإتفاق الطرفين ، وبالنسبة للأنثى لحين زواجها.

**المادة الرابعة: الشروط الواجب توافرها لشمول الطفل بالرعاية البديلة :**

**أولاً: الطفل الذي يعاني من مشاكل أسرية أو فقد رعاية الوالدين أو إحدهما لأي سبب كان أو إنعدام اهلية أحد الوالدين أو كلاهما أو الوصي أوالمتولي أو لأي سبب موجب اخر.**

**ثانياً: أن يقل عمره عن ثمانية عشرة سنة.**

**ثالثاً: أن يبقى في إحدى دور الدولة الخاصة بالأحداث لمدة تحددها المديرية قبل إلحاقه بأسرة بديلة .**

**المادة الخامسة:**

**أولاً: الشروط الواجب توافرها في الأسرة البديلة:**

**أ- عراقية و مقيمة في الإقليم.**

**ب- متمتعة بالأهلية القانونية.**

**ج- معروفة بحسن السيرة والسلوك.**

**د- سالمة من الأمراض المعدية .**

**هـ - قادرة على إعالة الطفل وتأمين خدمات الرعاية البديلة له وأن تتوفر فيها حسن النية.**

**و- أن يزيد عمر كل من الزوج والزوجة عن ٢٥ سنة.**

**ثانياً: المستمسكات الواجب تقديمها:**

**أ- طلب موقع من قبل الزوجين معاً إذا كانا على قيد الحياة أو من يحق له تقديم الطلب .**

**ب- شهادة الجنسية العراقية و بطاقة الأحوال الشخصية و بطاقة المعلومات .**

**ج- تقرير طبي صادر من جهة طبية مختصة معتمدة .**

**د- كتاب تأييد الآسايش .**

**هـ - شهادة عدم المحكومية .**

**ثالثاً: أن يجتاز مقدموا الطلب دورة خاصة حول كيفية تربية الطفل الملحق اليهم.**

**المادة السادسة: تشكيل ومهام شعبة الرعاية البديلة:**

**أولاً: تشكيل شعبة الرعاية البديلة:**

**تقوم الوزارة بتشكيل شعبة في المديريات تسمى بـ(شعبة الرعاية البديلة) تتالف من:**

**أ- مسؤول الشعبة: موظف حاصل على شهادة جامعية أولية ذات إختصاص وله خبرة في هذا المجال لا تقل عن ثلاث سنوات.**

**ب- عدد من الباحثين الإجتماعيين: يحدد عددهم وفقا لمتطلبات العمل ويتم تدريبهم في مجال الرعاية البديلة، كالآتي:**

**١- أن يختص عدد منهم بالعمل مع الأسر البديلة (مقدمي الرعاية البديلة) على أن لا يتجاوز عدد الأسر عن (١٥) أسرة لكل باحث.**

**٢- وأن يختص عدد آخر منهم بالعمل مع الأطفال المودعين لدى الأُسر البديلة (المستفيدين) على أن لا يزيد تعاملهم مع أكثر من(١٥) طفلاً.**

٣- يجوز تكليف الباحث الأجتماعي بالتعامل مع عدد من الأسر والأطفال على أن لا تكون ضمن الأسرة البديلة ذاتها .

ج- عدد من الموظفين تحدد مؤهلاتهم وشهاداتهم وفق متطلبات وطبيعة العمل وحجمه.

**ثانياً:** مهام وواجبات الشعبة:

أ- إستلام الطلبات وتسجيلها مرفقاً بها كافة المستمسكات المطلوبة ، دراستها ، تقييمها وكتابة التقرير النهائي بشأنها مع التوصية لرفعها الى لجنة الرعاية البديلة .

ب- تقديم المعلومات الخاصة بالرعاية البديلة لمقدمي الطلبات.

ج- القيام بتدريب الأسر مقدمي الطلبات على كيفية التعامل مع الأطفال وتربيتهم وتقديم الخدمات الحياتية المختلفة لهم.

د- مسك سجلات وملفات خاصة بالأُسر البديلة والأطفال المشمولين بالتعليمات و الحفاظ على سريتها .

هـ- إجراء زيارات ميدانية للأُسر البديلة والأطفال المودعين لديها والإشراف عليها للوقوف على مدى التزامها بتعهداتها ، وتقديم الحلول والمعالجات اللازمة للمشاكل التي تحول دون تأقلم الطفل مع البيئة الجديدة ومتابعتها بإستمرار.

و- القيام بزيارة الطفل في المدرسة والتعاون مع الجهات المعنية برعايته، متابعته, إرشاده والوقوف على مشاكله وحلها بالتنسيق مع مسؤوليه.

ز- مراجعة خطة الرعاية الخاصة بالأسرة البديلة والطفل.

ح- التواصل مع الأسرة البايولوجية للطفل وتقديم الدعم اللازم لها وتواصلها مع طفلها اذا تطلبت مصلحة الطفل ذلك.

ط- القيام بجمع المعلومات عن مقدمي طلب إلحاق طفل اليهم والإتصال بالجهات المعنية والمنظمات المختصة بهذا المجال ووجهاء المنطقة للتأكد من المعلومات المقدمة والوقوف على مؤهلاتهم وإمكانياتهم لتربية الطفل من النواحي كافة .

**المادة السابعة:**

**أولاً:** تتشكل لجنة بقرار من المديرية العامة للنظر والبت في الطلبات المقدمة والمحالة اليها من شعبة الرعاية البديلة،وتتكون من:

| | |
|---|---|
| أ- مدير الرعاية الإجتماعية | رئيسا. |
| ب- مسؤول شعبة الرعاية البديلة | نائبا للرئيس. |
| ج- موظف قانوني | عضوا |
| د- ممثل عن المديرية العامة | عضوا |
| هـ- مسؤول الشعبة الصحية في المديرية | عضوا |

**ثانياً:** يكون لِلّجنة سكرتير ينسبه مدير الرعاية الاجتماعية ، يقوم بتوحيد المستمسكات والوثائق وتدوين محاضر الإجتماعات ويقوم بإجراء التبليغات وكل الأُمور المتعلقة بهذا الشأن.

**ثالثاً:** يحق لِلّجنة الإتصال بمن تراه ضرورياً ومناقشة الأمور مع الجهات الموثوقة من المنظمات العاملة في هذا المجال ووجهاء المنطقة .

**رابعاً:**

أ- لِلّجنة المُشَكّلة صلاحية الموافقة على طلب الأسرة أو رفضه على أن يكون مُسبباً، وإعادة الطلب للشعبة مرفقاً بالتوصيات ، وتحدد عمر وجنس الطفل ومدة بقائه لدي الأسرة بإتفاق الطرفين و يجب مراعاة حالة الطفل وعمره عند إيداعه لدى الأسرة البديلة كمراعاة حالة وجود شباب أو شابات مماثلين في الجنس ومتقاربين لعمر الطفل المودع لدى الأسرة البديلة ، وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة .

ب- على اللجنة إتخاذ القرار خلال شهر من تأريخ ورود الطلب اليها ، مرفقاً بتقرير التقييم .

ج- في حالة الموافقة على الطلب يتم توقيع إتفاق بين الأسرة والمديرية بموجب نموذج خاص معد لهذا الغرض ويتحول مقدم الطلب بموجب هذا الإتفاق الى أسرة بديلة .

د- في حالة رفض طلب الأسرة ، فلها التظلم لدى المدير العام خلال مدة (١٥) يوماً من تأريخ تبلغها بقرار الرفض ، ويكون قرار المدير العام باتاً.

**خامساً:** تعقد اللجنة جلساتها كلما أقتضي الأمر ذلك.

**المادة الثامنة:**

**أولاً:** إجراءات إعداد وتهيئة الأسرة البديلة :

أ- تقديم الطلب من قبل الأسرة .

ب- شرح و توضيح التعليمات الخاصة بالأسرة البديلة لمقدمي الطلب .

ج- تقديم المستمسكات اللازمة لشعبة الرعاية البديلة .

د- جمع المعلومات عن الأسرة.

هـ- تدريب الأُسر وتأهيلها بعد التدقيق والتقييم.

و- رفع الطلب والمستمسكات الى لجنة الأسرة البديلة للنظر والبت في المعاملة.

ز- في حالة الموافقة على الطلب يتم توقيع إتفاق بين الأسرة و المديرية .

**ثانياً:** بعد توقيع الإتفاق بين الأسرة و المديرية يتم إختيار وتسليم الطفل الى الأسرة البديلة بموجب عقد معد لهذا الغرض , ومن ثم تقوم شعبة الرعاية البديلة بواجباتها وفقاً للمادة السادسة من هذه التعليمات .

**المادة التاسعة:**

على شعبة الرعاية البديلة فتح دورات تدريبية للأُسر البديلة لغرض تأهيلها وتزويدها بالمعلومات الخاصة بكيفية تربية الطفل المودع لديها تربوياً وإجتماعياً وصحياً والنواحي الحياتية كافة، وكذلك التواصل مع هذه الأُسر بإستمرار لتقديم الإرشاد والمساعدة الفنية لها وحل مشاكلها وتذليل الصعوبات والعراقيل التي تعترضها من خلال الزيارات الميدانية لها.

**المادة العاشرة:**

أولاً: على الأسرة البديلة إستحصال موافقة المديرية ، في حالات تَطلُب إحداث تغييرات في ظروف الطفل المودع لديها كحاجته لإجراء عملية جراحية له أو تغيير مدرسته أو حالة الأقبال على الزواج أو ....... ، أو ظروف تخص الأسرة البديلة كنقل محل سكنها ، سفرها الى خارج القطر أو محافظات داخل الإقليم .

ثانياً: لا يحق للأسرة البديلة تسليم الطفل المودع لديها الى أُسرته البايلوجية أو أية أُسرة أخرى إلا بموافقة المديرية .

ثالثاً: على الأسرة البديلة إخبار المديرية وأقرب مركز للشرطة في حالة هروب الطفل أو فقدانه أو وفاته أو.....

**المادة الحادية عشرة:**

يحق للمديرية العامة إنهاء عقد الأيداع الموقع مع الأسرة البديلة قبل إستكمال مدته في الحالات الآتية:

أولاً: إنتهاك الأسرة البديلة للشروط والضوابط الخاصة بالرعاية البديلة وعدم الإلتزام بتعهداتها الواردة في عقد الإيداع بعد إخطارها وإنذارها لمرة واحدة وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة.

ثانياً: تقديم طلب من الأسرة البديلة وإعلان رغبتها في إنهاء عقد الإيداع لأي سبب كان.

ثالثاً: إذا تقدمت الأسرة البايلوجية للطفل بطلب يتضمن رغبتها برعاية طفلها وبتوصية من شعبة الرعاية البديلة بعد زوال الأسباب التي أدت الى إيداع الطفل في دور الدولة بما يحقق مصلحة الطفل الفضلى .

**المادة الثانية عشرة:**

تنفذ هذه التعليمات إعتباراً من تأريخ نشرها في جريدة (وقائع كوردستان) .

**محمد قادر محمد**

**وزير العمل والشؤون الاجتماعية**